# عارف قوربانی قوربانیی گەندەڵی و تیرۆرە

هیوا ناسیح



لەم ماوەیەدا لێرە و لەوێ هەواڵی هەوڵی تیرۆرکردنی عارف قوربانیم خوێندەوە، بەڵام کە چاوپێکەوتنەکەی ڕۆژنامەی چاوەدێر(١)م لەگەڵ ناوبراو بینی ڕاستی هەواڵەکە و چۆنێتی بەسەرهاتەکەم لە سەر زمانی خۆیەوە بۆ دەرکەوت.

دیارە هەر مرۆڤێک مافی خۆیەتی کە ئاسایشی ژیان و ئازادی و سەر و ماڵ و گیانی پارێزراو بێت و لە دۆخێکی هێمن و تەندروستدا مومارەسەی ژیانی خۆی بکات. ئەم مافەش لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و زۆربەی بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوە و دانی پێدا نراوە.
هەوڵدان بۆ ڕفاندن یان کوشتنی هەر مرۆڤێک تاوانێکی گەورەیە و لێخۆشبوونی نییە و دەبێت تاوانکار لەبەرامبەر یاسادا سزای خۆی وەرگرێت.. خۆ ئەگەر ئەم مرۆڤە کەسێکی کارا و چالاک و نوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی دیاری وەک عارف قوربانی بێت ئەوە مەسەلەکە لەوە تێدەپەڕێت کە هاووڵاتییەکی ئاسایی بێت بەڵکو مانا و مەغزا و ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت.

ئەگەر هەر کەسێک بە ویژدانەوە بیربکەینەوە و بڕیار بدەین کەس نییە نکوڵی لە ڕۆڵی ماندونەناسی و شەونخونی ئەم زاتە بکات لە کارکردن بۆ مەسەلەی ئەنفالەکان و بەسەرهاتەکانیان لە سەر زمانی شایەتحاڵ و رزگاربووانی مەرگەساتەکانی ئەو کارەساتەوە. پێم بڵێن گەر عارف نەبوایە ئێستا کێمان زارا و حەپسە و گەلاوێژ و عوزێر(٢)مان دەناسیت؟؟ ئاخر ئەم تەنها کەسێکە کە تائێستا زیاتر لە دە کتێبی لە سەر ئەم مەسەلە گرنگەی گەلەکەمان نووسیوە و یەکێک بووە لەو کەسانەی شایەتەکانیان بۆ دادگایی کردنی سەددام و عەلی کیمیاوی و درندەکانی تر لە سەر ئەنفال ئامادە کرد و بۆ بەغدا نارد. بۆیە هەوڵی تیرۆرکردنی ناوبراو ناکرێ هەروا بە سانایی بە سەریدا تێپەڕین بێ ئەوەی هەڵوێستەیەکی جددی و شیکردنەوەیەکی باشی بۆ بکەین. چونکە ئەم جگە لەوەی کە خاوەنی زیاتر لە بیست کتێبە و لەمانەش پانزە کتێبیان لە سەر ئەنفال و کەرکوکە، کە دوو مەسەلەی هەرەگرنگن بۆ کورد. سەرەڕای ئەمانەش (قوربانی) یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی کە ڕاشکاوانە و بێ سڵ کردنەوە هەوڵ دەدات دۆسیەی گەندەڵیەکان بکاتەوە و (ئابڕوچون)ەکان ئاشکرا بکات و پەردەیان لەسەر هەڵماڵێت. کە ئەمەش جورئەت و بڕوا بەخۆبوون و ئازایەتیەکی زۆری دەوێت.

نمونەی ئەم کارەش ئاشکرا کردن و پەردە هەڵماڵین بوو لە سەر دزینی ڕۆژانەی ٧٥٠ هەزار لیتر سوتەمەنی لە کەرکوک، ئەمەش لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە پێش چەند مانگێک لەمەوبەر، کە هەر خۆی ئامادەکار و پێشکەشکەری بوو. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەمەشدا خۆشبەختانە کۆمەڵێک بەڕێوبەر و لێپرسراوی نالێپرسراوی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک کە دەستیان لەم کەیسەدا هەبوو، لە کارەکانیان دەرکران. هەر بۆیە دەکرێت بڵێین (عارف قوربانی قوربانیی گەندەڵی و تیرۆرە).

عارف کەسێکی ئاسایی نییە تا بڵێین مەسەلەیەکی کەسییە و بە هێندی وەرنەگرین، ئاخر ئەم بە هۆی کتێب و شیعر و نوسینەکانیەوە دوژمنێکی زۆری هەیە لە تیرۆرستە ئیسلامییەکان، عەرەبە بەعسیەکان، کۆنە موستەشارەکان، عەرەبە شۆڤێنییەکان هەروەهاش کۆمەڵێک لە لێپرسراوی گەندەڵ و دزانی ئیدارەی کوردیی کەرکوک و دەوروبەری. من ئەگەر بم زانیبا کە ناوبراو لە سەر شتێکی شەخسی و کێشەیەکی تایبەتی هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، ئەوا سەرەڕای دژایەتیم بۆ تیرۆر و توندڕەوی، هەرگیز دەستم نەدەخستە سەر کیبۆردەکەم و وتار بنوسم و بەرگری لێ بکەم، بەڵام دڵنیام کە ئەم کارە چەپەڵە لایەنێکی لەو بەرەیەی سەرەوە ناوم هێنان لەپشتەوەیە و ئەوەش کە زیاتر مرۆڤ سەرسام دەکات ئەوەیە کە دەستی چەند فەرمانبەرێکی ئاسایشی کوردی و لێپرساوێکی هەمان حیزبی لە تێدایە کە عارف خۆی ئەندامێکی چالاک و دیارە تیایدا.

بە ڕای من ئەگەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەم کەیسە ئاشکرا نەکات و ئەوکەسانەی دوور و نزیک دەستیان تێدا هەبووە و نیازی ئەنجامدانی ئەم تاوانەیان هەبووە، جا لە هەر پلە و شوێنێکی لێپرساوێتیدا بن، نەداتە دەست یاسا و داد و هەوڵبدات وەک ئێستا بێدەنگی لێ بکات و مەسەلەکە دیزە بە دەرخۆنە بکات، ئەوا دەبێتە ئابڕوچونێکی زۆر و ئەو کاتەش (عوزر لە قەباحەت خراپترە) چونکە هەموو کەس دەزانێت ئەوانەی ئەم دەستەکانیانی لە گەندەڵیدا ئاشکرا کردون یان لە نوسینەکانیدا لە سەر ئەنفال وەک تاوانبار باسی کردون ویسستیان ئەم نوسەری ئەنفالە ئەنفال بکەن.

## پەراوێز:

١/ ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە (١٠٢) ی دووشەممەی ٢٠٠٦/١١/١٣ ی ڕۆژنامەی چاودێردا بڵاوکراوەتەوە. بۆ خوێندنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە کلیکی ئێرە بکە:

http://www.medenyet.org/Chawder/Chawder102/12.pdf

٢

/ ئەم کەسانە، ناوی شایەتحاڵەکانن کە عارف قوربانی کتێبەکانیشی بە ناویانەوە ناوە.

hiwanaseh@hotmail.com
سویسرا ٢٠٠٦/١١/١٥